# دار له‌ تاریكی ده‌كوتن !

له‌ رۆژنامه‌ی (چاودێر) ی رۆژی (27 /2006/3) ژماره‌ (70) دا به‌رپرسێكی یه‌كێتی زۆر به‌ راشكاوانه‌ هۆكاری جۆش و خرۆشه‌كه‌ی 3/16 ی ئه‌مساڵی هه‌موو توێژه‌كانی خه‌ڵكی هه‌ڵه‌بجه‌ – به‌تایبه‌تی خوێندكارانی زانكۆ – ده‌گێرێته‌وه‌ بۆ بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامیی و زۆر به‌ جورئه‌ته‌وه‌ ده‌ڵێ : گومانی ته‌واوم لێیان هه‌یه‌ كه‌ ده‌ستیان له‌ شه‌هیدكردنه‌وه‌ی مه‌زاری شه‌هیده‌كانی ئه‌م ناوچه‌دا هه‌بێ .. پاشان له‌سه‌ر باسه‌كه‌ی ده‌ڕواو ده‌ڵێ : به‌ڵگه‌شم بۆ قسه‌كانم زۆره‌ ، له‌وانه‌ دروستكردنی شه‌ڕی براكوژی له‌م سنووره‌و هێنانی تیرۆریستان بۆ ئه‌م ناوچه‌یه‌ و ئێستایش گومانی سووتاندنی مه‌زاره‌كه‌ پێده‌چێ ده‌ستی ئه‌وان بێت .!

ئێمه‌ سه‌رباری كێشه‌و گرفته‌كانی تری كوردستان و ناوچه‌كه‌ ، نامانه‌وێ بۆ ئه‌و وه‌ڵامه‌ هه‌موو شتێك بخه‌ینه‌ ڕوو ، چونكه‌ لای هه‌موو خه‌ڵكانی عێراق – بگره‌ خه‌ڵكانی ده‌ره‌وه‌ش – ئاشكرایه‌ كه‌ عێراق له‌ بارودۆخێكی ئاڵۆزو ناسكدا تێده‌په‌ڕێ ، به‌تایبه‌تی پاش تێپه‌ربوونی پتر له‌ (3) مانگ به‌سه‌ر هه‌ڵبژاردنه‌كانی (2005/12/15) دا تا ئێستا (نوخته‌ له‌ سه‌ر حه‌رف) دانه‌نراوه‌ و ولاتێكی بێ سه‌رو بێ خاوه‌ن له‌ بازنه‌یه‌كی داخراودا ده‌سورێته‌وه‌و كێشه‌ی كوردیش – به‌ تایبه‌تی مه‌سه‌له‌ی كه‌ركوك و ناوچه‌ دابڕاوه‌كانی كوردستان – به‌ هه‌ڵپه‌سێراوی ماونه‌ته‌وه‌ ، ئه‌مه‌ سه‌رباری قات و قڕی و گرانی و دابین نه‌كردنی مه‌سه‌له‌ سه‌ره‌تاییه‌كانی ژیان: (ئاوو كاره‌باو سووته‌مه‌نی ..) و ناعه‌داڵه‌تی له‌ دابه‌شكردن و چوون یه‌ك ته‌ماشا كردنی جه‌ماوه‌ری كوردستان ، هاوكات له‌گه‌ڵ ده‌یان و سه‌دان گیرووگرفتی تر كه‌ مه‌گه‌ر ته‌نها خه‌ڵكانی غه‌یره‌ حیزبی و ئێمه‌ بزانین له‌ چ راده‌یه‌كدان .. نامانه‌وێ ئه‌و شتانه‌ بورووژێنین وه‌كو عاده‌تی رابردووی ئێستای ئیسلامیمان كه‌ سه‌دان جار خه‌ڵكانی بزووتنه‌وه‌ له‌ مافه‌ سه‌ره‌تاییه‌كانی خۆیان مه‌حروم كراون و ددانیشیان به‌ خۆیاندا گرتووه‌ و هه‌رگیز له‌ (مه‌بادیئه‌) پیرۆزه‌كانی خۆیان دانه‌به‌زیون و په‌نایان به‌ دوژمنانی دین و گه‌ل و ولات نه‌بردووه‌، وه‌ به‌ پشتیوانی خوا هه‌رگیزیش له‌و بنه‌ما (ثوابت)ه‌مان دانابه‌زین ، نامانه‌وێ (كای كۆن به‌ بادا بكه‌ین) ئه‌گینا خه‌ڵكانی سیاسیی و حیزبه‌ وشیاره‌كانی كوردستان ده‌زانن هه‌ركات كه‌ له‌ كوردستاندا ئاڵۆزیی و گرژییه‌ك سه‌ری هه‌ڵدابێ ، بۆ لایه‌نی یه‌كه‌م نه‌گه‌ڕاون ، به‌ڵكو بۆ لایه‌نی دووه‌م به‌گومان بوون ! ئه‌گه‌ر به‌ڵگه‌ بۆ تاوانباركردنی بزووتنه‌وه‌ جه‌نگ و هه‌راو ئاژاوه‌و سه‌رهه‌ڵدانی (ئه‌نصارولئیسلام) بێت وه‌ك ئه‌وان ده‌ڵێن ، ده‌پرسین : باشه‌! كێ بوو جه‌نگی براكوژیی و شه‌ڕی ناوخۆی كوردستانی هه‌ڵگیرساندو

چەند ساڵ درێژەی کێشاو هەزاران پێشمەرگەی قارەمان و رۆڵەی ئەم وڵاتەیان لەناوبرد لە پێناو داخوازییەکانی حیزبدا ، سەرەرای ئەوەش زۆربەشیان بەبلۆك سەریان پان کرایەوە !! ئایا هۆکاری ئەوانەش هەر بزووتنەوە بوو؟. دەپرسین : ئایا کێبوو (تەوحید)ی دروستکرد و هاوکاری کردو لە بزووتنەوە جیاییان کردنەوە ؟ ئەی کێبوو (ئەنصارولئیسلام)ی دروستکردو ئەو هەراو ئاژاوەیەی لێکەوتەوە کە لە ناوچەکەدا بینرا ! سەرەرای ئەمانەش حکوومەتی کردن بە عەدل و عەدالەت و یەکسانی و مساوات بەرێوە دەچێ ، ئەمرۆ خۆتان واتەنی دونیای ئازادیی و دیموکراسییە ، بۆیە خەڵکێك لە پێناو دابینکردنی مافەکانیدا رێپێوان هەڵدەبژێرێ، گەلێ جاریش سەدان سەیارەو بیناو کۆشك و تەلار دەسووتێنرێ وەکو رێپێوانەکانی ئەو ماوەی (فەرەنسا)یە کە نزیکی (3000) سەیارەی دەوڵەتی تیا سووتێنراو تەنیا گوللەیەکیش بە کەسەوە نەنرا! هەیشە هەر لەسێبەری ئازادیی و دیموکراسییەتدا سووکایەتی بە ئیسلام و پێغەمبەر ﷺ دەکا.. دەپرسین : بۆچی ئەو هەموو توندوتیژییە بەرامبەر بەو خوێندکارانە کرا کە لەو رۆژەوە کەسێك لەوانە نەیتوانیوە بگەرێتەوە سەر خوێندنەکەی ، یان لەماڵی خۆیدا پشوویەك بدا و بحەوێتەوە ؟ بۆچی بۆ گرتنی ئەوانە ئەوەند لێبڕاوو سوورن، بەڵام دادگای هەڵەبجە – لەگەڵ رێزو سوپاس بۆیان – بریاری گرتنی (مەریوان هەڵەبجەیی) دەرکرد لەبەرامبەر ئەو سووکایەتییە کردی بە خواو بە پێغەمبەر و بە خولەفای راشیدین و بە عەشەرەی موبەشەرە و بە سەرجەم پێغەمبەران و بنەماڵەی پێغەمبەران ، دەپرسین : بۆچی هیچ رێزێك دانەنرا بۆ بریاری دادگاو مەریوان قۆڵبەست نەکراو ، دیسانیش جنێونامەکەی چاپ کرایەوەو خرایەوە بازاڕ ، ئەمەیە پێوانە بە دوو مەن ! جگە لەمانەش زۆرینەی ئەوانە کە بریندار بوون یان کوژراون بەگوللەی ئەوان ئەندامی خۆیان بوون ، ئەگەر وانیە چۆن ئەوانە مەزارەکەیان سووتاند هەندێکیان بوونە شەهیدی هەڵەبجە و ، هەندێکیشیان قاچاخ بوون و درانە دادگا ..؟

مەخابن ! بۆ ئەو حیزبانەش بوونەتە هاوپەیمان و بۆ مەحکووم کردنی ئەم و ئەو و کۆیان دەکەنەوەو ناشتوانن لە هیچ رووداوێکدا وشەیەکی هەق بدرکێنن پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی حیزبی دەسەڵاتدار بێت ! ئێمە لەو گرووپانە دەپرسین لەو رۆژەوە ئەو گرژییە پەیدابووە حیزبی دەسەڵات بەربوەتە گیانی ئەو هەموو خوێندکارو کەسوکاری شەهیدانەو ئێستاش راپێچ کراون بۆ گرتوخانەکانی سلێمانی ، بریارە دادگایی تایبەتیان بۆ دابنرێ .. دەپرسین : کوان لە کوێن بۆ دەنگێکی نارەزاییتان لێ بەرز نابێتەوە؟! دەپرسین : کوا لاف لێدەران بۆ مافی مرۆڤ ؟ دەپرسین : ئایا دەکرێ لە هەر جێگایەك – لێرەو لەوێ –

کەسێک داوای هەقی شەرعیی خۆی بکاو پاشان بەپیاوی بێگانەو دەستێکی ڕەش لە پشتیەوە بێت تۆمەتبار بکرێت ؟ پێویستە بۆپیادەکردنی مەدەنییەت و دیموکراسییەت ئەو سیستەمە عورفیە سەربازییە هەڵبگیردرێ و بە سیستمێکی نوێی شارستانیەت کار بکرێت و ئەو قوتابی و خوێندکارانەش ئازاد بکرێن و بگەڕێنەوە سەر خوێندنەکەیان و مافی خەڵکانی بێ دەسەڵاتیش دابین بکرێت و جارێکی تریش ئاگرو ئاسن دژ بە خۆپیشاندەران بەکار نەهێنرێ ، ئەگەر راستە دیموکراسیی خوازن با چاو لە دەسەڵاتدارانی دەرەوە بکەن .

**بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستان/عێراق**

28/ صفرالخير/ 1427 هـ